# مایکەکەی پەرلەمان و ریشەکەی (بەرنادشۆ)

عەبدولقادر سالّح

دەلّێن جارێك لە (بەرنادشۆ) دەپرسن: بۆ ریشت پەلّە پەلّەیە و وەك یەك بلاّو نەبووەتەوە بەسەر دەم و چاوتدا؟ ئەویش لە وەلاّمدا دەلّێت: ئەوە زۆریی بەرهەم و خراپیی دابەشکردنە..

کتومت ئەم وتەی بەرنادشۆ پڕ بە پێستی ئەم ولاّتەی ئێمەش دەبێت کە سەروەت و سامانەکەی بە چەشنی ریشەکەی بەرنادشۆ بە سەر هەرێمدا دابەش بووە و کۆمەلّێك لە لوتکەی دەسەلاّت و پارە و دەولّەمەندی بێ سنوردان و کۆمەلّێکی تریش لە خراپترین هەل و مەرج و ژیان و گوزەراندان..

لەمەش خراپتر گەر سەیر بکەین دەبینین کە حکومەت پارە و پول لە شتی وەهادا خەرج دەکات کە هیچ جێگە و بایەخێکی ئەوتۆی نییە و لە بەرامبەریشدا شتی زەرورەتی تریش پشتگوێ دەخات.

بۆ نموونە هەرکەس لەم سەرتاسەری جیهانەدا سەرنجی کۆبوونەوە نا ئاساییەکەی پەرلەمانی دابێت کە بۆ چارەسەر و تاوتوێی سوتەمەنی گرێیدا، ئەوا دەزانن پەرلەمانی کوردستان سەلیقەی ئەوەی نییە کە چەند (مایك)ێکی هەبێت تا ئەندام پەرلەمانە دلگەرمەکان قسەی خۆیانی پێ بکەن, زۆر لام سەیر بوو کە سەرۆکی پەرلەمان تازەبەتازە و لەناو کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان و پاش (14)ساڵ تەمەن و لە کاتێکدا کە راستەوخۆ کەناڵی ئاسمانی پەخشی دەکرد سەغلەت ببێت و بلّێت چۆن دەبێت یەك مایك هەبێت بۆ قسەکردن؟!

سەیرە! بەم هەموو حیزب و پارە و سامان و دەسەلاّتەوە تازەبەتازە خەلّکی کوردستان بزانێت پەرلەمانەکەیان خاوەنی یەك مایکە, بەندە ئەم مەسەلەیە بۆ دوو شت دەگێڕمەوە:

یەکەم وابزانم ئەمە یەکەم جارە پەرلەمان تۆزێك غیرەتی بجولّێت و بەو جۆرە حەماسی و راستەوخۆیە بێت قسە لەسەر کێشە هەنووکەییەکانی خەلّکی بکات کە هەرچەند ئەمە هەنگاوێکی دروست و سەلیم بوو, بەلاّم وا دیار بوو هێشتا خەدەماتی تەکنیکیی بۆ فەراهەم نەهاتووە و هێشتا کاتی مابوو, ئەگینا لە کۆبوونەوەیەکی وەهادا چۆن دەبێت تەنها یەك مایك هەبێت؟

دووەمیان پێ ناچێت بەشی راگەیاندنی پەرلەمان هێندە ئاگای لەوە بێت چۆن بتوانێت ئەو هەنگاوە نوێیەی پەرلەمان پەخش بکات و کارە هونەرییەکانی بۆ ساز بکات لەوە ناچێت حیسابی کۆبوونەوەیەکی لەو چەشنەی کردبێت، هەربۆیە پێداویستییەکانی ساز و ئامادە نەکردبوو..

وەلحاڵ.. تازە شتەکە رووی دا و ئێمەش وەك کورد ئیحراجی ئەوانە بووین کە کۆبوونەوەکەیان لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بینی.. بەلاّم هەرگیز هەلّوێستی ئەو برا پاسەوانەشم لەیاد ناچێت کاتێك سەرنجی کۆبوونەوەکەی دا و مەسەلەکە حالّی بوو و وتی: من ئامادەم مایکێك بکڕم بۆ پەرلەمان، گەر پارەیان نییە بیکرن؟!